# ڕاگەیاندنی دەفتەری نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات لە پەیوەند لەگەڵ نارەزایەتی دەربڕینی سێ ڕۆژەی خەڵکی شاری پیرانشار

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لەشاری پیرانشارەوە بەدەستمان گەیشتون، دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی سەرماوەزی ١٣٨١ کەسێکی کاروانچی بەنێوی "ئیبراهیمی حەمە رووت" خەڵکی ئاوایی " شیناوێ"ی سەر بەشاری پیرانشار، لە کاتێك دا کە لەگەڵ کەسێکیتر بەرەو سنووری کوردستانی عیراق دەچوون لەنزیك سنوور بەشیوەیەکی وەحشیانە لەلایەن هێزە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی دەدرینە بەر دەست ڕێژ. هێزەکانی ڕژیم سەرەتا تەقە لە هێسترەکەی کاك "ئیبراهیم" دەکەن و دەیکوژن. کاتێك کە ناوبراو ئەو دیمەنە دەبینێ و دەبینێ کە تەنیا وەسیلەی دابین کردنی بژێوی ژیانی لەدەست داوە، لەترسی گیانی خۆی هەڵدێ تاکو گیانی سالم بەدەر بەری، بەڵام ئینسان کوژەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر بێبەزەیانە تەقە لە کاك ئیبراهیمیش دەکەن و هەر لەوێ گیانی لەدەست دەدا. ژمارەیەکیتر لە کاروانچییان کە لەو کاتەدا لەم شوینە تێپەر دەبن، کاتێك کە ئاگاداری ڕوداوەکە دەبن هەواڵەکە دەگەیەنن بە خزم و کەس و کاری کاك ئیبراهیم و خەڵکی ئاوایی "شیناوێ" و شاری پیرانشار. بنەماڵە و دۆستانی کاك ئیبراهیم بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی خۆیان دەگەیەننە سەر سنوور و شوێنی ڕوداوەکە. بەڵام هێزەکانی ڕژیم خۆیان لە دانەوەی تەرمەکەی کاك ئیبراهیم دەبوێرن. دواتر خەڵکی تورە ونارازی بەرەو شار دەگەرێنەوە. هەوالی کوژران و نەدانەوەی تەرمەکەی کەسی ناوبراو بە خزم و کەس و کاری بەخێرایی لەئاستی شاردا بڵاو دەبێتەوە.

بە بیستنی هەوالی ئەم جینایەتە و هەلس و کەوتی پیاوکوژانی ڕژیم لەگەڵ بنەماڵەی کەسە کوژراوەکە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی تورە و قین لە دڵی شاری پیرانشار دەرژێنە سەر شەقامەکان و لە فلەکەی "سەردەشت"، فەلەکەی "ئازادی" و فەلەکەی "جومهوری" کۆبوونەوەی گەورە وەرێ دەخەن. ئەم کۆبوونەوە هیمنانەیەی خەڵك لەگەڵ هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم ڕوبەروو دەبیتەوە وخەڵکیش لەئاست ئەم کردەوە درندانەیەی بەکریگیراوانی ڕژیم هێرش دەکەنە سەر بانکەکان و ژمارەیەك ناوەندی دەولەتی و شوشەکانیان دەشکینن و هەروەها چەند ماشینیکی هێزەکانی ڕژیمیش ئاگر تی بەر دەدەن.

بەپێی هەواڵە گەیشتووکان کار بەدەستانی ڕژیم تەرمەکەی کاك ئیبراهیم رادەگوێزن بۆ شاری ورمی و تاکاتی گەیشتنی ئەم هەواڵە لە سارد خانەی بیمارستانی ئەو شارەدا ڕاگیراوە و نەیانداوەتەوە بە بنەماڵەکەی. هەر ئەمەش بۆ خۆی بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژی سێ شەممە فەزای شار ئاسایی نەبێ و زۆرێك لە دوکانەکانی شار داخرابوون و نارەزایەتیش دەربرا.

بەپێی دوایین هەوال ئیوارەی رۆژی چوارشەممە لە سەعاتی ٦ بەولاوە خەڵك سەر لەنوێ کۆبوونەوە و خۆپیشاندانیان وەرێ خست و بۆ ماوەی سێ رۆژ بە دوای یەك دا خەڵکی شاری پیرانشار نەفرەت و بیزاری خۆیان لەم جینایەتەی بەکریگیراوانی رژیم نیشان دا. هەر بەپێی ئەم هەواڵە هیزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر خەلکی نارازی و حەق خواز دەستیان برد بۆ کردەوەی توندوتیژ و سەرەرای هیرش بۆسەر ریزی خەلکی وەگیان هاتوو، تا ئیستا زیاتر لە ٤٠ کەسیان دەستگیر و رەوانەی زیندان و گرتوخانەکانی رژیمی ئیسلامی کردوە کە تا ئیستا هەوالیکمان لە چارەنووسی گیراوەکان بەدەست نەگەیشتووە.

ئێمە ویرای مەحکوم کردنی ئەم جینایەتە وەحشیانەیەی هیزەکانی رژیم کە بوەهۆی کوژرانی کاك "ئیبراهیم حەمەرووت" کە بیشك یەکیك لە قوربانیەکانی کاری دژواری کاروانچی‌تی‌یە، چاوەروانیمان لە سەرجەم ئینسانە ئازادی خوازەکان، ریکخراوەکان، ناوەند و ریکخراوە کریکاری‌یەکان، چەپ و ئینسان دۆستەکان ئەوەیە کە لەئاست ئەم جینایەتە تازەیەی کۆماری ئیسلامی دەنگی نارەزایەتی خۆیان بە گوێی هەمووان بگەیەنن، هەروەها خوازیاری ئازاد بوونی دەست بەجێ و بیقەید و شەرەتی سەرجەم کەسە گیراوەکانیشین.

*